Consolato d'Italia
Erbil

**بەڵگەنامەکانی پێویست بۆ داواکاری ڤیزا بە هۆکاری خێزانی بۆ ئەندامانی هەڵگری ڕەگەزنامەی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا**

1 - پڕکردنەوەی فۆڕمی داواکاری ڤیزەی شنگن لە ڕێگای ئەم لینکەوە

(Homepage - Visto Schengen - Modulo online (esteri.it)) دواتر چاپ و واژۆ بکرێت، لە ڕۆژی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڵگەنامەکانی تر پێشکەش بکرێت.

2 - وێنەیەکی نوێ کە بەم دواییانە گیرابێت، 40 x 35ملم، پشتەوەی ڕووناکی یەکسان و دەموچاو بە تەواوی دەرکەوێت، بەبێ چاویلکە بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم لینکە بکە (Brochure (Terry_variant) (icao.int)).
3 - پاسپۆرت بە لانی کەم 3 مانگ دوای بەسەرچوونی ڤیزەی داواکراو و دوو لاپەڕەی بەتاڵی هەبێت. فۆتۆکۆپی خودی پاسپۆرتەکە و هەر پاسپۆرتێکی پێشوو (هەموو لاپەڕەکانی بە زانیاری کەسی، لەگەڵ مۆر یان ڤیزە).
4 - کۆپی کارتی نیشتمانی/ناسنامە.
5 - بروانامەی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان و ئەگەر دانیشتوویەکی بیانی بوو هەر بەڵگەنامەیەک ڕێگە بە دووبارە هاتنە ناوەوەی هەرێمی کوردستان بدات ، کۆپییەکی مۆڵەتی نیشتەجێبوون یان ئەو لاپەڕەیەی کە ڤیزەی درێژخایەنی لێدراوە. مۆڵەتی مانەوە یان ڤیزە دەبێت بەلایەنی کەمەوە بۆ ماوەی ٣ مانگ لە دوای بەسەرچوونی ڤیزەی داواکراو کارا بێت.
6 - دەعوەتنامەی پێدانی ڤیزا لەلایەن هاوڵاتی یەکێتی ئەوروپا کە لە ئیتاڵیا نیشتەجێیە (بڕوانە فۆڕمی هاوپێچ).
7 - بەڵگەنامەی جیاواز بەپێی ئەو حاڵەتانەی لە خوارەوە باسکراون، سەلماندنی پەیوەندی لەگەڵ ئەو ئەندامەی خێزانەکەی کە لە ئیتاڵیا نیشتەجێیە. بەڵگەنامەکانی باری شارستانی دەبێت ڕەسەن/ئەسڵی و بۆ زمانی ئیتاڵی یان ئینگلیزی وەرگێڕدرابن، وە پشتڕاستکرابنەوە لە فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان (ڕەسەن/ئەسڵی و وەرگێڕدراوەکە).

- بۆ هاوسەران: گرێبەستی هاوسەرگیری.

- بۆ منداڵی خوار تەمەن هەژدە ساڵ: بڕوانامەی لەدایک بوون.

-بۆ دایک و باوکی لە ئەستۆ: بڕوانامەی لەدایکبوونی ئەو منداڵەی لە ئیتالیایە و داوای یەکگرتنەوە دەکات؛ بەڵگەنامەکانی پەیوەست بە حەواڵەکردنی پارە لەلایەن منداڵەکەوە کە لە ئیتاڵیا نیشتەجێیە (نموونە: پسولەی بانکی).

سەرنج

-ڤیزاکە بەبێ بەرامبەر دەدرێت.

-لە بارەی داواکاری خێزانی هاووڵاتیانی ئیتاڵی، پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە:

Consolato d'Italia
Erbil

•ئەگەر هاوسەرگیری و/یان لەدایکبوونەکان لە عێراق بن، وە لە بازنەی کونسوڵگەریمان بێت، بەس دەبێت کە بەڵگەنامەکانی پێشتر ئاماژەمان پێکرد لەلایەن کونسوڵگەریەوە تۆمارکرابن، یاخود،

پێشتر لە ئیتاڵیا تۆمارکرابن، ئەوە بەڵگەنامەی جێگرەوەی بە بەپێی ڕێسا بەرکارەکان بەسە.

-لە هەموو ئەو حاڵەتانەی کە باسی لێوە دەکرێت، ڤیزەی گەشتیاری کورتخایەن (90 ڕۆژ) پێدەدرێت، کە ڕێگە بە داواکار دەدات بچێتە ناو ئیتاڵیا و مانەوەی خۆی ڕێکبخاتەوە بە شێوەیەکی ئاسانتر وەک ئەندامێکی خێزانی هاوڵاتییەکی یەکێتی ئەوروپا.

-پێویستە سەرجەم بەڵگەنامەکان وەرگێڕانێکیان لەگەڵدا بێت بۆ زمانی ئیتاڵی یان ئینگلیزی کە لەلایەن دادنووس (كاتب عدل) و فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پشتڕاست (تەسدیق) کرابنەوە (ڕەسەن/ئەسڵی و وەرگێڕانەکە) ؛

-بە ئارەزووی فەرمانگەی ڤیزە دەتوانرێت داوای بەڵگەنامەی زیادە بکرێت، ئەگەر پێویست بوو، بۆ ئەوەی باشتر هەڵسەنگاندن بۆ داواکارییەکە بکرێت.

-پێشکەشکردنی بەڵگەنامەی پێویست گەرەنتی دەرکردنی ڤیزە ناکات.